یەبارەت بە شارەوانی رانیەش وەك ئاگادارین لە دوای كۆچكردوو(ئەسعەد حەمە عەلی) شێوەیەكی (ئیستسنائی) یان وەكالەتی وەرگرتووە لەبەرامبەر خەڵك و یاساو هەڵبژاردندا.

**هەروەها كاك( شاخەوان نەجات – كارمەند لە ئاسانیێت ) بە مجۆرە وەڵامی دایەوە:**



*بەڵێ بە تەئكید هەر جۆرە هەڵبژاردنێك بكرێت لەهەر بوارێكدا بێت گورو تینی زیاتر دەدات بە كراو چالاكیەكانی ئەو دامەزراوەیە. لەبارەی هەڵبژاردنی شارەوانیەكانیشەوە هەروابوو، خۆ ئەگەر چاوێك بە پرۆژەی كاری شارەوانیەكاندا بخشێنین دەبینین هەندێكیان زۆر چالاكتر بوون لەوانی تر.

*رەخنەی زۆرم هەیە لە شارەوانی بە تایبەت لە رووی ئەو سستی و لاوازیەی كە دەینوێنێ لە چاككردنەوەی رێاوبانەكان هەروەها شۆستەو كۆڵانەكانی ناو شار،هەروەها پێم سەیرە كە تا ئێستا ئەم شارە كۆمەڵێ شتی نیە وەك (یاریگە،سەیرانگە، مەلەوانگە) كە هیچیان وەك پێویست لەم شارەدا نین بە تایبەت یاریگەئەم شارە چەندین وەرزشكاری بە توانای هەیەو جەماوەرێكی وەرزشدۆستی زۆری تێدایە كەچی كوا یاریگایەك ،ئایا شایەنی ئەوە نین كە یاریگایەكمان بۆ دروست بكەن ؟؟!!

*من لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردندا نیم لەكاتی ئێستادا چونكە راستە هەڵبژاردن بنەمایەكی یاسایی دەداتە ئەو كەسانەی كە كاری خەڵكیان ئەكەوێتە دەست،بەڵام هەڵبژاردن لەكاتی ئێستادا رەنگە گونجاو نەبێت چونكە كۆمەڵێك مەسەلەی چارەنووس سازی زۆر گرنگ هەیە كە پێویستە سەركردەكانمان خۆیانی پێوە خەریك بكەن نەك هەڵبژاردنی شارەوانی.

**دواتر كاك ( هەڵۆ مەرگەیی ) بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:**

*بەڵێ لە راستیدا شارەوانی رانیە لەدوای هەڵبژاردنەوە جۆرە جووڵەیەكی بەخۆیەوە دیوە،یاخود ویستویەتی كاربكات، بەڵاك بە گشتی رازی نیم لە كارەكانی چونكە سستیەكی زۆر بە كارەكانیەوە بەدیدەكرێت ،جگە لەوەی لام وایە كە شارەوانی لە توانایدا هەیە كە كاری باشترو زۆرتر پێشكەش بكات، ئەوەی جێگەی سەرنجە شارەوانی نەخشەیەكی دارێژراوی نیە بۆ كارەكانی بۆ نمونە بە چەند رۆژێك شەقامەكان تێك دەدەن، كەچی بە چەندین مانگ چاك ناكرێنەوە.

*بێگومان پێویستە هەڵبژاردن لەكاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت،بەڵام لەو باوەڕە دانیم بەم شێوەیەی ئێستا بتوانین نمونەیەكی باش پێشكەش بكەین چونكە زەمینەی هەڵبژاردن بوونی نیە كە ئەمەش پێویستی بە هەوڵ و تێكۆشان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین هەڵبژاردنێكی گشتی لە باشوری كوردستاندا ساز بكەین، هەروەها تاكو ئێستا ناوچە تازە ئازادكراوەكان بە شێوەیەكی رەسمی نەكەوتوونەتەوە سەر هەرێمی كوردستان،جگە لە بوونی دوو ئیدارەیی كە ئەمەش هەر رێگرییەكە لەبەردەم هەڵبژاردنی شارەوانیەكان .

**هەورەها كاك( بەكر مستەفا ) لە تۆمارگای هونەر بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:**

*هەڵبژاردن خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەكی پیرۆزەو گەڕانەوەیە بۆ خواست و ویستی جەماوەر، هەڵبژاردنی شارەوانیەكانیش كە ئەزموونێكی تازەبوو لەچاو ئەو هەڵبژاردنانەی كە پێشتر كرابوون كەمترین كەموكوڕی هەبوو. هەڵبژاردنی شارەوانیەكان كە بۆ ماوەی (٤ ساڵ) دەچێت كەم نین ئەو كارانەی كە بە ئەنجامی گەیاندوون لە شارێكدا كە پێش ئەوە دوور بووە لە هەموو كارە خزمەتگوزاریەكان، بێگومان شار لە گۆڕان و پێشكەوتن و جووڵەدایە، خۆزگەو داخوازی جەماوەریش لە سەرووی توانای ئەو كارانەن كە شارەوانی بە ئەنجامی گەیاندوون.ئەگەر سەیری كارەكانی ساڵی(٢٠٠٠-٢٠٠٣) بكەین كاری زۆر باش و چاك كراون،بەڵام لە دوای ئەو ماوەیە هەرچەندە كارەكانی چەند جار زیاتریش كراون ئێستاش نەیانتوانیوە لەگەڵ واست و ویستی جەماوەر بێنەوە، ئەوەش بێ ئەوەی كەمتەرخەمیان كردبێت، بەڵكو هۆیەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شارەمان ناوچەكەمان لەم ساڵەدا گۆرانكاری گەورەی بە خۆیەوە دیوە ئەویش بەهۆی رژێمی بەغدا، بۆ نمونە گەر شارەوانی تا ساڵی( ٢٠٠٣ ) بیری لە دروستكردنی یان چاككردنی شەقامێك كردبێتەوە ئەی چیبكەین ئەگەر لەماوەی تەنها چەند هەفتەیەكدا چەندەها بەرانبەر ژمارەی ئەوتومبیل زیادی كردبێ لە شارەكەدا .

لە كۆتاییدا دەڵێم با هەموومان بیر لە جوانكردنی شارەكەمان و خزمەتكردنی بكەینەوە بەهۆی كەموكوڕی یەكێك هەوڵ و كۆششی چەندین ئەندازیارو كارمەند كە وەك سەربازی ون كاردەكەن بە فیڕۆ نەدرێت.

**دواتر مامۆستا( سۆران زرار ) بە مجۆرە وەڵامی دایەوە:**

*سەرەتا سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە. من پێموایە شارەوانی رانیە دوای پرۆسەی هەڵبژاردن چالاكیەكی باشی كاركردنی پێوە دیار بوو لە هەموو روویەكەوە، بەڵام ئەم چالاكیە وردە وردە روو لە كزی چوو، خەڵكی رانیە چاوەڕوانی كاری زیاترو جوانتریان دەكرد.من پێموایە كارەكانی ئێستای شارەوانی لە ئاست داخوازی پێویستیەكانی خەڵكدا نین، كە هۆیەكی دەگێڕمەوە بۆ بێ پلانی لە جێبەجێ كردنی كارەكانیدا كە وایكردووە كەبێ سەروبەری بە كارەكانیەوە دیار بێت.



*بێگومان هەڵبژاردن ئەو پرۆسەیەیە كە پێیدەڵێن سەنگە مەحەك وە جوانترین نمونەی دیموكراتی و مەدەنیەتە. بەڵام دەبێ هەڵبژاردن كات و شوێنی لەباری هەبێت بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە دەلالەت لە مەدەنیەت بكات خەڵكیش بەو ڤیستیڤاڵە دیموكراسیە رازی بن، وەمن پێموایە كە( كەسی گونجاو لە شوێنی گونجاو بێت) ، جوانترین نموونەو باشترین كاریش پێشكەش خەڵك دەكرێت وە پێم باشە لەوادەی خۆیدا بێت بۆ ئەوەی گۆڕانی جەوهەری بەسەر سیستمی كاری شارەوانیدا بێت .

**ئەنجام:**

دوای ئەوەی بە وردی چاو بەو وەڵامانەدا دەخشێنین تێدەگەین كە سەرەرای ئەوەی خەڵكی پێیان وایە كە پرۆسەی هەڵبژاردن گورو تینێكی زیاتری داوەتە كارو چالاكیەكانی شارەوانی، بەڵام هێشتا ئەم دەزگایە بێ كوموكوڕی نیەو دەكرێ ئاوڕێكی جدیتری لێ بدرێتەوە ،بە تایبەتیش لە زۆربەی وەڵامەكاندا شتێك هەیە دوبارەیە بۆتەوە ئەویش بێ پلانیە كە بەروونی بە كارەكانیەوە دیارە. هەروەها وەڵامەكان پێمان دەڵێن كە هەقە شارەوانی كارەكانی چالاكانەترو هەڵسوڕاوانەتر رایی بكات ، چونكە كارەكانی زۆر بە سستی جێبەجێ دەكرێت